سەید حەکیم پێشوازی لە موحسن مەندەلاوی دەکات و پابەندبوون بە کات و ساتە دەستوورییەکان و یەکڕیزی چوارچێوەی هەماهەنگی دووپات دەکاتەوە



بەڕێز سەید حەکیم سەرۆکی هاوپەیمانێتی هێزەکانی دەوڵەتی نیشتمانی لە نووسینگەی خۆی لە بەغدا ئێواری 24ی 2025 پێشوازی لە بەڕێز موحسن مەندەلاوی سەرۆکی هاوپەیمانێتی (بناغە) کرد، لەم دیدارە بیروڕا ئاڵوگۆڕ کرا سەبارەت بە پێشهاتە سیاسییەکانی عێراق و ئەنجامی هەڵبژاردنەکانی ئەم دواییە ئەنجامدرا.

سەماحەتی جەختی کردەوە لەسەر پابەندبوون بە کات و ساتە دەستوورییەکان بۆ هەڵبژاردن و دیاریکردنی هەر سێ سەرۆکایەتییەکە، ڕوونیشی کردەوە کە گرنگە ڕێکەوتن لەسەر دید و پرۆگرام و بەشکردنی خەمی نیشتمان هەبێت بەشێوەیەك کە خزمەتی ولات بکات.

سەید حەکیم دووپاتیشی کردەوە کە یەکریزی لە چوارچێوەی هەماهەنگی گرنگی خۆی هەیە ئاماژەی بە ئاستی چوارچێوەکە کرد لە قۆناغی پێشوو و گوتیشیب ئەو خاڵە و چەند هۆکارێکی دیکە هۆکاری ئەو سەقامگیرییە سیاسی و کۆمەلایەتییە بوون و داواشی کرد بەرژەوەندی گشتی بەسەر بەرژەوەندی تایبەت زاڵ بکرێت.